# وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل:تەقینەوەیەک لە نزیك باڵیۆزخانەکەمان لە نیودەلهی رووویدا

وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل رایدەگەیەنێت، تەقینەوەیەك لە نزیك باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە نیودەلهی پایتەختی هیندستان رووویدا.

ئەمڕۆ (سێشەممە 26ـی کانوونی یەکەمی 2023)، وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە، تەقینەوەیەك لە نزیك باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە نیودەلهی رووویداوە و هیچ زیانێکیش لەریز کارمەندانی باڵیۆزخانەکە تۆمار نەکراوە.

لەمبارەیەوە وتەبێژی حکومەتی ئیسرائیل رایگەیاند، پۆلیس هیندستان لەبارەی تەقینەوەکە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە.

بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەززە، هەڵەشەکان بەسەر باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل لە جیهان زیادی کردووە.